# دۆکتۆر شاکر الخصباک:

# کورد تا ئێستاش خۆی سەروەری خۆی نییە

ئەم گفتوگۆیەمان، لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ناوەندی (الزاید) بۆ کەلەپوور و مێژوو لە شاری (العین) لە میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان، لەگەڵ دۆستی بەوەفای کوردەکان کە نووسراوەی زۆری لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە، کردووە.



**ئامادەکردنی:** پەروین نوری عارف

**پەروین:** "بەیانیت باش دۆکتۆر!"
شاکر الخصباک: "بەیانیت باش و سڵاوت لێ بێت!"

**پەروین:** "دۆکتۆر! ئەگەر ڕێم بدەیت دەمەوێت بزانم چیرۆکی تۆ لەگەڵ کورددا چییە؟"

**شاکر:** "بڕوانە! چیرۆکی من لەگەڵ کورددا چیرۆکێکی کورت، زۆر کورتە. من وەکوو سروشتی ئاسایی خۆم ڕقم لە زوڵم و زۆر دەبێتەوە و لەو باوەڕشدام کە کوردەکان، بە هەموو مانایەک، گەلێکن زوڵمیان لێ کراوە. ئەرکێکیش کە لە ئەستۆی منە ئەوەیە کە لەسەر زوڵملێکراوان بکەمەوە و هەر لێرەشەوە، لەسەرەتادا، لە کێشەی کوردەکان نزیک بوومەوە و گرنگیم پێ دا. هەر ئەم گرنگیپێدانەش گەشەی کرد و بووە هۆی ئەوەی کە هەوڵ بدەم بە شێوەیەکی زانستی لە کێشەی کوردەکان بکۆڵمەوە، کە پاشان هەر بەو بارەشدا کەوتەوە و تەنانەت دۆکتۆراکەشم هەر لە بارەی ئەوانەوەیە، هەر لەبەر ئەوەشە بەو مانایەی کە خوێندنی دۆکتۆرام لەسەر کوردەکان کردووە بە یەکێک لە شارەزایانی ئەو بوارە دەناسرێم و ئەگەر بۆ سەرەتاکانیش بگەڕێینەوە گرنگدانی من بەو کێشەیە لەوێوەوە دەست پێ دەکات کە من کاتێک هێشتا منداڵێکی بچکۆلە بووم لە بارەی جموجووڵی کوردەکانەوە لە باکوور دەمبیست و ئەو جموجووڵانەش چی بوون! هەوڵی لێدانی شۆڕشگێڕانی کورد بوو کە داوای هەندێ مافی دیاریکراویان دەکرد کە بریتی بوون لە چەند مافێکی ئینسانیی ئاسایی. هەتا دێتەوە بیرم من هێشتا منداڵێک بووم سەرکردەکانی بارزانییەکانیان هێنابووە (الحلە) و لەوێ دەستبەسەر بوون و ماڵێکی تایبەتیان بۆ دیارکرابوو و ئێمەش منداڵ بووین و بەو نێوەدا دەهاتین و دەچووین و دەمانبینین جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە و لەڕاستیشدا لە لایەن خەڵکی حلەوە بە چاوی میوان سەیر دەکران و ڕێزیان لێ دەگیرا، هەربۆیە پێویستە بەڕێزتان ئەوە بزانن کە بە نیسبەت عەرەبەکانی عیراقەوە، بێجگە لەو کەسانەی کە بەرژەوەندییەکی سیاسییان لەم شتانەدا هەیە، هیچ هەستێکی دژایەتی نییە بەرانبەر بە کوردەکان و تا ئەو ڕادەی هەست بە هیچ جیاوازییەکیش ناکەن. بێگومان بە، بە هیچ جۆرێک هیچ جیاوازییەکیان نەدەکرد! ئەوەی باس لە جیاوازییش دەکات ئەو کەسەیە کە دەیەوێت سوودێک لەو جیاوازییە وەربگرێت و داوا و خواستی سیاسی هەیە و هیچ دیکە، بەڵام ئینسانی ئاسایی لە عیراق بە هیچ جۆرێک هەست بەم جیاوازییە ناکات، بەڵام هاوکاتیش هیچ شتێک لە بارەیانەوە نازانێت. بۆ خۆشت دەزانیت، جاران هۆیەکانی هاتوچۆ بەم شێوەیەی ئێستا نەبوون و کوردستانیش وڵاتێکی شاخاوییە و عەرەبەکانیش لەو کوردانە زیاتر کە پێوەندیی ڕۆژانەیان لەگەڵیاندا هەیە ناناسن و لەگەڵیاندا بە زمانی عەرەبی دەدوێن، لەبەر ئەوە هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی نابینن، هەر لەبەر ئەوەش بە نیسبەت خەڵکی ئاساییەوە مەسەلەیەکی وا بەو شێوەیە باس ناکرێت کە کوردەکان زوڵملێکراون و دەبێت مافەکانی خۆیان بە دەست بهێننەوە. ئەوسا، نەک ئێستا کە زانیاریی خەڵک زۆر زیادی کردووە، خەڵکی ئاسایی بەو جۆرە بیریان دەکردەوە. منیش لەو کەسانەم کە باوەڕیان وایە کە هەرگیز کەسێکی عەرەب بیری لە هیچ جیاوازییەک لەنێوان خۆی و کوردێکدا نەکردووە لەوە زیاتر کە ئەو کوردە و ئەمیش عەرەب. بەڵام بێگومان لە مەسەلەی گیروگرفتە سیاسییەکان و ئەو زوڵموزۆرانەی لە کورد کراون ئاگادار بوون. دەمەوێت ئەوەشت پێ بڵێم: کوردەکان بۆ خۆیان مانەوەیان لەنێو عیراقدا پێ باشتر بوو، چونکە لە بارەی کوردییەوە و دوای جەنگی گەورەی یەکەم تورکەکان داوای ئەو لیوایەیان دەکردەوە کە بە لیوای موسڵ ناو دەبرا و کوردەکانیش هەموو لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەتاتورک داوای ئەمەی دەکرد و بگرەوبەردەیەکی لەسەر دروست بوو و دەیانویست ئەتاتورک ڕازی بکەن تا بێدەنگ بێت. هەربۆیە هاوپەیمانەکان و لە سەروو هەموویشیانەوە ئینگلیزەکان ئەمەیان بەتەواوی ڕەفز نەکردەوە و ئەوەیان لە هەرشتێکی تر پێ باشتر بوو کە ڕێفرۆندۆمێک لە هەرێمی کوردەکاندا بکەن تا بزانن کوردەکان لەگەڵ کێن. کۆمەڵەی نەتەوەکان لەو ڕۆژگارەدا لەسەر ئەوە ڕێک کەوت کە چارەسەرێکی ناوەندی لەنێوان تورکەکان و عیراقدا کە ئەوسا لەڕاستیدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە ڕێوە دەبرا بەوەی کە ڕێفرۆدۆمێک بکەن تا بزانن ئارەزووی خەڵکەکە لەگەڵ کێدایە و لە واقیعشدا ئەم ڕێفرۆندۆمە، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبووم لە ساڵی ١٩٦٢دا کرا و زۆربەی کوردەکان خواستی مانەوەیان لەگەڵ عیراقدا هەبوو و بۆ خۆیان بە زۆربەی دەنگەکان داوایان کرد لەگەڵ عیراقدا بمێننەوە نەک تورکیا، لە کاتێکدا کە بەشێک لە هەرێمە کوردییەکانی دیکە لەگەڵ تورکیادا مانەوە و خۆ دەکرا ئەمانیش ئەگەر خواستیان لەسەر بووایە وەکوو ئەوانی دیکەیان بکردایە..."

**پەروین:** "پرسیاری من لێرەدا ئەمەیە: بۆ پێت وایە کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئەو لایەنانەش کە دوای ئەو کۆمەڵەیە جڵەوی کاروبارەکانیان کەوتە دەست بۆچی پێیان باش بوو و هەتا ئێستاش پێیان باشە کە کورد لە قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتانەدا بمێنێتەوە کە لەڕاستیدا کوردستانیان دابەش کردووە. ئایا کوردەکان دەوڵەتێکیان پێ ڕەوا نابینرێت؟ بە واتایەکی تر: ئایا لێیان ناوەشێتەوە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن؟ کوردەکانیش، کە تۆ بێگومان بۆ خۆت لە بارەی کوردەکانەوە زۆر دەزانیت، دەزانیت گەلی کورد گەلێکە نیشتمانی خۆی، مێژووی خۆی و شارستانیەت و ڕۆشنبیریی خۆی هەیە، کەواتە بۆ دەبێت کورد، لە عیراق، لە سوریا، لە تورکیا یان لە ئێران دووچاری گیروگرفت بێت! بۆ! هۆ چییە؟ ئایا شتێک هەیە..."

**شاکر:** "با پێت بڵێم: لەڕاستیدا کێشەی کوردەکان کێشەیەکی زۆر



دۆکتۆ شاکر الخصباک

ئاڵۆزە و لە تواناشدا بوو ئەو کێشەیە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چارەسەر بکرێت. بۆ خۆت دەزانیت ئەوسا هەموو ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو و پاشانیش هەڵێک هەڵکەوتوو دەسەڵاتی عوسمانییەکان داڕما و لەجێی ئەو دەوڵەتێکی تورکی دامەزرێنرا و ئەوساش هاوپەیمانەکان بەهێز بوون و لە سەروو هەموشیانەوە فەرەنسا و بریتانیا و چارەسەریش بە دەست ئەوان بوو و بە کردەوەش دەیانتوانی وەکوو پەیمانیان دابوو مافی چارەی خۆنووسین بەو گەلانە بدەن و هەر ئەمەش بوو ولسن، سەرۆکی ئەوسای هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، داوای دەکرد و یەکێکیش لە بەندەکانی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوە بوو کە دەبێت مافی چارەی خۆنووسین بەو گەلانە، نەک تەنیا لەوێ بەڵکە تەنانەت لە ئەورووپاش، بدرێت. حاڵی کوردەکانیش وەکوو حاڵی گەلانی دیکە بوو و دەبووایە مافی چارەی خۆنووسینیان پێ بدرایە. بەڵام ئەوان هەر لەسەرەتاوە ـ فەرەنساییەکان و بریتانیاییەکان ـ شتێکی دیکەیان دەویست و ئەو گەلانەش سادە و تێنەگەیشتوو بوون و هەڵخەڵەتان و ئەوانیش چەندین پەیمانیان دا و هیچیان نەبردە سەر و پاشانیش ناوچەکەیان لەنێو خۆیاندا بەش کرد. لەڕاستیشدا ئیمکانی ئەوە هەبوو کوردەکانیش دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن بەو مانایەی گەلێکن و خاکی خۆیان هەیە و هەموو ئەو بنچینانەیان تێدایە کە یارمەتییان دەدات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان، بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە بەر لە هەرشتێک هێزی ئەتاتورک دەرکەوت و دەستی بە بەکارهێنانی هێزی سوپای خۆی کرد و ئەوانیش ترسیان لەو هێزە نیشت و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیانویست ڕازی بکەن، هەر لەبەر ئەوە بێدەنگ بوون. ئەمەش بە گران لەسەر کوردەکان کەوت و بەشێک لە ناوچە کوردییەکان کە پێشتر لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان. بە نیسبەت ئەو لیوایەشەوە کە بە لیوای موسڵ ناو دەبرێت و سەرجەمی ناوچە کوردییەکان دەگرێتەوە و یەکێک لە سێ لیوا گەورانە بوو کە عیراقیان پێک دەهێنا کە پێکهاتبوون لە سێ لیوا: لیوای موسڵ، لیوای بەغداد و لیوای بەسرە کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، بێگومان کوردەکان ناسراون و لەڕاستیشدا هەر لەسەرەتاوە هاریکارییان لەگەڵ ناوچەکانی تردا کردووە دژی عوسمانییەکان و بێگومان هەڵوێستەکانی شێخ مەحموودی حەفیدیش لە کەس شاراوە نین. هەربۆیە لەڕاستیدا پێیان وابوو کە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بە دەست دەهێنن و بەتایبەت شێخ مەحموودیش ئەوسا بەهێزترین کەسایەتی بوو و بەرانبەریان جەنگا و تەنانەت خۆی وەکوو مەلیکی کوردستان ناساند و پوولی بە نێوی خۆیەوە چاپ کرد و شتی تریش، بەڵام ئینگلیزەکان بۆ خۆیان حساباتی دیکەیان هەبوو و بەوەی کە ناوچەکە نەوتی تێدایە هەر لەبەر ئەوەش لایان ناماقووڵ بوو بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشی بکەن و سەرسووڕماو لەبەر دەرئەنجامەکانی ئەو دابەشکردنەدا بمێنینەوە، لەبەر ئەوە پێیان باش بوو لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا بیهێڵنەوە کە بەسەریدا ڕابگەن و کاروبارەکانی خۆیانی بە ئاسانی تێدا بەڕێوە بەرن. لەڕاستیشدا لە لایەکەوە بۆ کوردەکان و بەتایبەت بۆ عیراق بە باشە گەڕایەوە کە ئەم بەشەیان، لەبەر ڕۆشنایی کایە سیاسییە ئاشکراکانی خۆیدا، خستە سەر عیراق چونکە ترسی ئەوەش هەبوو بخرێتە سەر تورکیا. ئێمەش هەموو دەزانین، لە هەر ڕوویەکەوە سەیری بکەین، کە هەڵسوکەت و ڕەفتار لەگەڵ کوردەکان لە عیراقدا زۆر لەوە باشترن کە لەگەڵ کوردەکانی تورکیا دەکرێن. ئەمەش بە بەراوردکردن زۆر دیار و ئاشکرایە، چونکە کوردەکانی تورکیا تەنانەت ڕێی ئەوەشیان پێ نەدەدرا بڵێین: "ئێمە کوردین." یان ڕێیان پێ نەدەدرا جلوبەرگی خۆیان بپۆشن و شتی دیکەی لەو بابەتە، بەڵام لە عیراقدا بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ کوردەکاندا نەدەکرا. هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەی بە مەرج دانابوو کە ئەگەر کوردەکان لەنێو قەڵەمڕەوی عیراقدا بمێننەوە دەبێت ئەو مافانەیان وەربگرن کە لە مافی ئاخافتن و خوێندن بە کوردی، مافی دادگایی و حوکمکردنی خۆیاندا خۆیان دەبینییەوە. **پەروین:** "بەم مافانە هەر لەسەر کاغەز مانەوە!"...

**شاکر:** "لەسەر کاغەز مانەوە و بەڵام وەکوو پێشتر پێم گوتیت: کوردەکان و بەتایبەت گەورەپیاوەکانیان خۆیان تێکەڵ بە حکوومەت کرد و چەندانیان لێ بوون بە وەزیر و سەرۆکوەزیران و لەکاتێکدا ئەمە لە تورکیادا ڕووی نەدا و تەنانەت لە ئێرانیشدا ڕووی نەدا، هەموو ئەمانەش وایان کرد کە کوردەکان کەمتر هەست بە زوڵملێکردن بکەن و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیان دەدا مافەڕەواکانیان بە دەست بهێنن کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بڕیاریان لەسەر درابوو، بەڵام دەبینیت نەیانتوانی و...."

**پەروین:** "ئایا پێت وا نییە دابەشکردنی نیشتمانی کورد و دەربەدەرکردنی کوردەکان لە لایەن داگیرکەرانەوە سەرەتایەک بوون بۆ ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون، ئەو کارەساتانەی کە هەتا ئەمڕۆش دەیانبینین؟ هەر لە ڕۆژی کەوتن و داڕمانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی کوردستان لەنێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە؟ تورکیا لە لایەک و..."

**شاکر:** "ئەوەی کە جێی هیچ گومانێک نییە ئەوەیە مێژووی نوێیان زنجیرەیەک لە کارەساتە و ئێمە هەمووومان دەزانین بە نیسبەت ئەو کوردانەوە کە لە ژێر دەستەڵاتی تورکەکاندا مانەوە، شۆڕشەکانیان لەو دەمەوە هەر بەردەوامە و یەکەم شۆڕشیان لە ساڵی ١٩٢٤ لە لایەن شێخ سەعیدەوە دەستی پێکرد و هەروەها لە ڕۆژگاری کەمالیستەکانیشدا تا دوا گرنگترین شۆڕشیان لە ساڵی ١٩٣٦دا هەر بەردەوام بوون و بەڵام بە شێوەیەک ئەو شۆڕشانە دادەمرکێنرانەوە کە لە دنیادا هاواتای نەبوو. کەواتە کوردەکان لەوێش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو حاڵەیان قبووڵ نەکرد، هەر بەردەوام بوون لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ماف و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیان و ئەمەش مێژوویەکی ئاشکرایە و ناتوانرێت نکوڵی لێ بکرێت. بێگومان بە نیسبەت عیراقیشەوە شێخ مەحموود بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ داوای ئەم مافانەی دەکرد و لێرەدا ناتوانین بڵێین کە ئەو داوای جیابوونەوەیان دەکرد، بەڵام خۆ کوردەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، هەتا کار بەوە گەیشت شێخ مەحموود بۆ خۆی چەند جارێک دوورخرایەوە و دوورخرایەوە بۆ هیندستان و شتی دیکەی لەو جۆرە و شێخ مەحموودیش هەر لە ساڵی ١٩١٦ تا ١٩٢٣ لەڕاستیدا ڕابەرایەتیی بزووتنەوە کوردییەکانی بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا دەکرد و دوای ئەویش ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکان کەوتە دەست بارزانییەکان، هەر لە سەرەتای سییەکان و لە لایەن شێخ ئەحمەد و پاشان براکەی و ئەوان و... بەڵام بە نیسبەت ئێرانەوە، خۆ ئەوە دیار و ئاشکرایە کە قازی محەمەد دوای جەنگی دووەم حکوومەتێکی پێکهێنا و ئەویش کۆمارێک بوو بەڵام لەڕاستیدا کۆمارێکی خودموختاری بوو و بەتەواوی لە ئێران جیا نەبووبووەوە و بەڕاستیش لە ماوەیەکی ساڵێکدا پێشکەوتنی گەورەی لە بواری ڕۆشنبیری و بوارەکانی دیکەدا بە خۆوە بینی و ئێرانییەکان بە نهێنی و شاراوە گەلەکۆمەکێیان لێ کرد تاکوو لە ئەنجامدا بەسەر کۆمارەکەدا زاڵ بوون و قازی محەمەد و چەندینی تریشیان لە سێدارە دا و هەتا لەو دەمەدا مەلا مستەفای بارزانیش وەزیر بوو لە کۆمارەدا و کەواتە دیارە مێژووی کوردەکان مێژوویەکی خوێناویی بەردەوام و جەنگین بووە و... کەواتە هەرگیزاوهەرگیز نەخوازراوە کە چارەسەری کێشەی کوردەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە بکرێت. من هەمیشە لەو کەسانەم باوەڕم وایە بارودۆخی دنیا داوا و مەرجی دیاریکراو دەسەپێنێت. لە ئێستادا زۆر سەختە کەسێک بێت بڵێت: "نەخێر ئێمە دەتوانین نیشتمانێکی یەکگرتوو پێک بهێنین!" ئەوەتا دەبینین هێزێک هەیە کە دەبێت گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت ئەویش هێزی تورکیا و ئێران و بێگومان عیراقیش کە لە ئێستادا بە شێوەیەک دابەش کراوە و خاکی کوردیش لەنێوان کوردەکان خۆیاندا دابەش کراوە. مەسەلەی ئەوەش کە وا بە ئاسانی و لە ئێستادا کەسێک بێت دەوڵەتێک لەنێو ئەو هەموو دوژمنانەدا دروست بکات، دەوڵەتێک کە لە هەر چوارلاوە بەو دەوڵەتانە تەنراوە، کردەیەکی ئاسان نییە و لەوەیە شکستی بهێنێت.

ل١٣